# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (١٦٥) سالی سێزدەم ٢٧ / حوزیران /٢٠١٣ زاینیی ٦/ پوشپەر / ٢٧١٣کوردی ١٨ / شعبان / ١٤٣٤ کۆچی


لەم ژمارەیەدا :

165


یاسای ژمارە (٨)ی سالی٢٠١٣ ل ١

یاسای تەندروستیی دەروونی لە هەرێمی کوردستان – عێراق .

یاسای ژمارە (١٠)ی سالی٢٠١٣ ل ٢٠

یاسای هەمواری سێیەمی یاسای سندوقی خانەنشینیی پارێزەران لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١٨)ی سالی ١٩٩٩ .

بڕیار ژمارە (١٢)ی سالی ٢٠١٣ سەرۆکایەتی هەرێم ل ٢٣

گەڕاندنەوەی یاسای ژمارە (٩)ی سالی ٢٠١٣ یاسای هەمواری سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١٧)ی سالی ١٩٩٩.

بڕیاری ژمارە (٤)ی سالی ٢٠١٣ ل ٢٤

بڕیاری هەموارکردنی حەوتەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی – عێراق ژمارە (١)ی سالی ١٩٩٢ .

ڕێنمایی ژمارە (٧)ی سالی ٢٠١٣ وەزارەتی کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاو ل ٢٥

ڕێنمایی تایبەت بە هەلکەندنی بیری ئاو .

بەیانی ژمارە (٩) سالی ٢٠١٣ وەزارەتی دارایی و ئابووری ل ٣٦

بەیانی سالی ٢٠١٣ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ل ٣٦

بەیانی ژمارە (٧) سالی ٢٠١٣ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی ل ٣٦

بەیانی ژمارە (٥٣ - ٥٤ - ٥٥ - ٥٦ - ٥٧ - ٥٨) سالی ٢٠١٣ وەزارەتی تەندروستی ل ٣٧



ناونیشان: هەولێر-چوار ڕیانی فرنسۆ میتران بالەخانەی وەزارەتی داد .

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com

(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (١٦٥) السنة الثالثة عشرة ٢٧ / حوزيران / ٢٠١٣ميلادي ٦ / پوشپەر/ ٢٧١٣كوردي ١٨ / شعبان / ١٤٣٤هجري

في هذا العدد:

165

قانون رقم (٨) لسنة ٢٠١٣ ص ٣٧

قانون الصحة النفسية في إقليم كوردستان ـ العراق

قانون رقم (١٠) لسنة ٢٠١٣ ص ٥٤

قانون التعديل الثالث لقانون صندوق تقاعد المحامين لإقليم كوردستان ـ العراق رقم (١٨) لسنة ١٩٩٩

قرار رقم (٤)لسنة ٢٠١٣ ص ٥٦

قرار التعديل السابع للنظام الداخلي لبرلمان كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ .

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**

قرار رقم (١٢) لسنة ٢٠١٣ رئاسة اقليم كوردستان - العراق ص ٢٤

التعليمات رقم (٧) لسنة ٢٠١٣ وزارة الزراعة و الموارد المائية ص ٢٥

بيان رقم (٩) لسنة ٢٠١٣ وزارة المالية و الاقتصاد ص ٣٦

بيان لسنة ٢٠١٣ وزارة البلديات والسياحة ص ٣٦

بيان رقم (٧) لسنة ٢٠١٣ وزارة العمل و الشؤون الاجتماعية ص ٣٦

بيان رقم (٥٣-٥٤-٥٥-٥٦-٥٧- ٥٨) لسنة ٢٠١٣ وزارة الصحة ص ٣٧

No.: 165 Date: June , 27 , 2013 Vol.: 13

العنوان : اربيل-تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com

السعر ٧٥٠ دينار

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بڕیار**
**ژمارە (١١) ساڵی ٢٠١٣**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان - عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢٠) لە ٢٠/ ٢٠١٣/٥ بریارماندا بە دەرکردنی:-

**یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی٢٠١٣**
**یاسای تەندروستیی دەروونی لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

**دەروازەی یەکەم**
**پێناسەو چوارچێوەی پیادەکردنی یاسا**
**بەشی یەکەم**
**پێناسەکان**

**ماددەی یەکەم:**

مەبەستی ئەم یاسایە لەم دەستەواژەو زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم:** وەزارەت: وەزارەتی تەندروستی.

**دووەم:** ئەنجومەن: ئەنجومەنی تەندروستیی دەروونی لە هەرێم.

**سێیەم:** تەندروستیی دەروونی: مەبەستی سەقامگیریی دەروونی و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوەی دروست و توانای مامەڵەکردنی ئەرێنی لەگەڵ فشارو ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی کەوا ژیان دەیانهێنێتە کایەوەو وەبەرهێنانی توانا ژیرییەکان بەو شێوەیەی سوود بە تاك وکۆمەڵگە دەگەیەنێت.

**چوارەم:** نەخۆشی دەروونی: ئەو نەخۆشەیە کە تووشی یەکێك یان زیاتر لە شلەژانەکانی بیریی یان دەماریی یان شلەژانەکانی تر بووە کە پزیشکی پسپۆڕ دەسنیشانیان دەکات.

١- شلەژانی بیریی: شلەژانە لە هێزی ژیریی بنەڕەتی کە لە ئەنجامی تێکچوونێکی سەختی سەرچاوەی ئەندامیی یان ئەرکییەوە دەبێت، کار لە ویست و بەرچاوڕۆنی و پێزانین و بیرکردنەوەو ڕەفتارو هەست و توانای نەخۆش دەکات لە خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی بەگوێرەی سەختیی و قۆناغی شلەژانەکە

٢- شلەژانی دەماریی یان شلەژانەکانی دڵەڕاوکێ: مەبەستی حاڵەتێکە لە خەمناکیی کەسێتیی و دڵەڕاوکێی دەروونی و هەڵسوکەوتێکە خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی و لاوازی توانا لە ڕووبەڕووبوونەوەی فشارەکانی پێویستە بەبێ ئەوەی کار بکاتە سەر توانا ژیرییە بنەڕەتیەکان.

**پێنجەم:** پزیشکی دەروونی: ئەو پزیشکەیە کە پلەیەکی پسپۆڕی لە پزیشکی دەروونی بەدەستهێناوەو لە سەندیکای پزیشکان لە خشتەی پسپۆڕ یان راوێژکار یان پزیشکی شارەزا لە تەندروستیی دەروونی تۆمارکراوە.

## بەشی دووەم
## چوارچێوەی پیادەکردنی یاسا

**ماددەی دووەم:**

ئەم یاسایە پیادە دەکرێت بەسەر:

**یەکەم:** نەخۆشی دەروونی پێناسەکراو بەپێی ئەم یاسایە.

**دووەم:** نەخۆشخانەو دامەزراوی پسپۆڕ لە پزیشکی دەروونی چ گشتی بێت یان تایبەت.

**سێیەم:** بەشەکانی پزیشکی دەروونی لە دامەزراوە گشتی و تایبەتیەکاندا.

**چوارەم:** ئەو بنکە تەندروستیە خۆماڵی و بیانیانەی کەوا مۆڵەتیان پێدراوە لە بواری تەندروستیی دەروونی کاربکەن.

**پێنجەم:** نورینگەی تایبەت یان دەرەکی نەلکاو بەو دامەزراوە تەندروستیانەی ئاماژەیان بۆکراوە، وە تەرخان نەکراوە بۆ دەسبەسەرکردنی نەخۆشی دەروونی.

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم:** بەڕێوەبردنی ئەو دامەزراوانەی تەندروستیی دەروونی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەریان پیادە دەکرێت بەپێی مۆڵەتێك دەبێت کە لە وەزارەتی تەندروستیەوە دەردەکرێت بە مەرجێك لە تۆمارەکانی ئەنجومەنی تەندروستیی دەروونی تۆمار بکرێت بەپێی ئەو مەرج و رێکارانەی ئەنجومەن دیاریان دەکات.

**دووەم:** مەرج و رێکارەکانی بەخشین و نوێکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت بە رێنمایی دیاری دەکرێن کە وەزارەت دەری دەکات.

## دەروازەی دووەم
## ئەنجومەنی تەندروستیی دەروونی
### بەشی یەکەم
### دامەزراندنی ئەنجومەنی تەندروستیی دەروونی

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم:** ئەنجومەنێك بەناوی (ئەنجومەنی تەندروستیی دەروونی) بە سەرۆکایەتی وەزیرو ئەندامێتی ئەوانەی لە خوارەوە باسکراون پێکدەهێنرێت، بە مەرجێك پلەی نوێنەرانی وەزارەتەکان لە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت:

١- وەزارەتی ناوخۆ.

٢- وەزارەتی داد.

٣- وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.

٤- وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

٥- وەزارەتی پەروەردە.

٦- وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

٧- نوێنەری ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان.

٨- سەرۆکی لێژنەکانی تەندروستیی دەروونی لە پارێزگاکاندا.

**دووەم:** کاری ئەنجومەن و کۆبوونەوەکان و چۆنیەتی وەرگرتنی بڕیارەکان بە پێڕەوێك ڕێکدەخرێت کە ئەنجومەنی وەزیران دەری دەکات.

### بەشی دووەم
### ئەرکەکانی ئەنجومەن

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم:** دانانی سیاسەتی گشتیی تەندروستیی دەروونی.

**دووەم:** ئامادەکردنی پلان بۆ مسۆگەرکردنی ماف و سەلامەتی نەخۆشە دەروونیەکان.

**سێیەم:** هەماهەنگیکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان بۆ دابینکردنی پێداویستیە مادی و مەعنەویەکانی چاودێریکردنی نەخۆش و خانەکانی حەواندنەوە.

**چوارەم:** دەرکردنی ڕێنمایی بۆ نەخۆشخانەو دامەزراو نۆرینگەکانی پسپۆڕ لە پزیشکی دەروونی لە سەرجەم ئەو شتانەی پەیوەستن بە چاودێریکردنی نەخۆش.

**پێنجەم:** هەماهەنگیکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان بۆ دابینکردن و ئامادەکردنی بەرنامەی ڕۆشنبیریی و کۆمەلآیەتی و حەوانەوە.

**شەشەم:** دانانی ستاندەر بۆ بەخشینی مۆڵەتی دەرکراو لە وەزارەتی تەندروستی تایبەت بە بەڕێوەبەردنی دامەزراوەکانی تەندروستیی دەروونی کە حوکمەکانی ئەم یاسایەیان بەسەردا پیادە دەکرێت.

**حەوتەم:** هاریکاریکردن لەگەڵ لایەنە زانستیەکان بۆ ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لە بواری تەندروستیی دەروونی.

## دەروازەی سێیەم
## چوونەژوورەوەی نەخۆشی دەروونی بۆ نێو دامەزراوەکانی تەندروستیی دەروونی
### بەشی یەکەم
### چوونەژوورەوەی ئارەزومەندانە

**ماددەی شەشەم:**

مافی هەموو نەخۆشێکی دەروونیە کە تەمەنی هەژدە ساڵی تەواوکردبێت بە ویستی خۆی داوای چوونەژوورەوەی یەکێك لە دامەزراوەکانی تەندروستیی دەروونی بکات ، هەروەها مافی هەیە لە هەر کاتێك بێت داوای لێ هاتنەدەرەوەی بکات ، وە پزیشکی بەرپرس بۆی هەیە ڕەزامەندی لەسەر بدات ، تەنها ئەگەر مەرجەکانی چوونەژوورەوەی زۆرەکی بەسەردا بسەپێت ئەوا ئەو ڕێکارانەی لەم بوارەدا بڕیاردراوە دەگرترێنەبەر، وە لە هەموو حاڵەتێکیشدا کەسوکاری نەخۆش ئەگەر ڕەزامەندی لەسەردا ئاگادار دەکرێنەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

پزیشکی دەروونی بەرپرس بۆی هەیە پاڵپشت بە هەڵسەنگاندنێکی دەروونی هۆدار ڕێگە لە نەخۆشی چوونەژوورەوەی ئارەزومەندانە بگرێت لە بەجێهێشتنی دامەزراوەکە بۆ ماوەیەك کە لە (٧٢) کاتژمێر تێپەڕ نەکات لە یەکێك لەم دوو حاڵەتەی خوارەوە:

**یەکەم:** ئەگەر بینی کەوا چوونەدەرەوەی ئەگەرێکی ڕاستەقینە بۆ ڕوودانی ئازارێکی کتوپڕ یان نزیك لەسەر سەلامەتی یان تەندروستی یان ژیانی نەخۆش یان سەلامەتی یان تەندروستی یان ژیانی کەسانی تر، دێنێتە ئاراوە.

**دووەم:** ئەگەر بینی توانای چاودێریکردنی خۆی نیە بە هۆی جۆر یان سەختی نەخۆشییە دەروونیەکەیەوە.

وە لە هەردوو حاڵەتی باسکراودا پزیشك بۆی نییە بەبێ ڕەزامەندی لەم ماوەیەدا هیچ چارەسەرییێك بداتە نەخۆشەکە جگە لە چارەسەریی فریاکەوتن نەبێت.

وە پێویستە بۆ ملکەچکردنی بۆ سیستەمی چوونەژوورەوەی نائارەزوومەندانە بەپێی حوکمەکانی مادده (١٤)ی ئەم یاسایە، لیژنەی تەندروستیی دەروونی لە پارێزگاکەدا ئاگادار بکرێتەوەو هەڵسەنگاندنێکی پزیشکی سەربەخۆی بۆ ئەنجام بدرێت و دەکرێت ماوەی ئاماژە پێکراو درێژبکرێتەوە بە مەرجێك لە (٧) ڕۆژ تێپەڕ نەکات ئەگەر ئەو پاساوانەی لەم ماددەیەدا دەقیان لەسەر کراوە بەردەوام بن و لە تواناد نەبێت لە ماوەی سێ ڕۆژی یەکەمی ڕێگەگرتن لە چوونەدەرەوە لە دامەزراوەکەدا هەڵسەنگاندنێکی پزیشکی سەربەخۆی بۆ ئەنجام بدرێت، بە مەرجێك لیژنەی تەندروستیی دەروونی لە پارێزگاکە ئاگادار بکرێتەوە لەو هۆیانەی کەوا بوونەتە هۆی درێژکردنەوەی دەسبەسەرداگرتنەکە.

**ماددەی هەشتەم:**

هەر یەك لە دایك و باوك یان پێسپێردراو یان ڕاستکار بۆیان هەیە داواکاری پشکنینی نەخۆشی دەروونی کەملێهاتە پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی لە یەکێك لە دامەزراوەکانی تەندروستیی دەروونی چارەسەری بۆ بکرێت ، بە مەرجێك راوێژ بکرێت بە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات لەم دامەزراوە لەبارەی ئەم داواکارییەو لە ماوەی دوو ڕۆژی کارکردن لە ڕێکەوتی چوونەژوورەوە لیژنەی تەندروستیی دەروونی لە پارێزگاکە ئاگادار بکرێتەوە ، هەروەها هەر یەك لە دایك و باوك یان پێسپێردراو یان ڕاستکار بۆیان هەیە لە هەر کاتێکدا داواکاری چوونەدەرەوە پێشکەش بکەن تەنها ئەگەر مەرجەکانی دەسبەسەری زۆرەکی بەسەر نەخۆشەکەدا بسەپێت ئەوا لەم حاڵەتەدا ئەو ڕێکارانەی لەم بوارەدا بڕیاردراون دەگرترێنەبەر.

## بەشی دووەم
## چوونەژوورەوەی نائارەزوومەندانە

**ماددەی نۆیەم:**

**یەکەم:** نابێت هیچ کەسێك بە زۆرەکی بۆ چارەسەری بخرێتە یەکێك لە دامەزراوەکانی تەندروستیی دەروونی تەنها بە ڕەزامەندی پزیشکی پسپۆڕ لە پزیشکی دەروونییەوە نەبێت، ئەمەش لە کاتی بوونی نیشانەی ڕوون کە بەڵگە بدات لەسەر بوونی نەخۆشییێکی دەروونی سەخت کەوا چارەسەرکردنی پێویست بە چوونەژوورەوەی یەکێك لە دامەزراوەکانی تەندروستیی دەروونی دەکات ئەویش لەم دوو حاڵەتەی خوارەوە:

١- ئەگەری تێکچوونێکی سەخت و نزیك بۆ حاڵەتی دەروونیی.

٢- ئەگەر ئاکارەکانی نەخۆشیە دەروونیەکە ببنە مایەی هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەو نزیك بۆ سەلامەتی یان تەندروستی یان ژیانی نەخۆش یان سەلامەتی یان تەندروستی یان ژیانی کەسانی تر.

لەم دوو حاڵەتەشدا پێویستە نەخۆش چوونەژوورەوەی دامەزراو بۆ وەرگرتنی چارەسەریی پێویست ڕەتبکاتەوە بەمەرجێك کەسوکارو بەڕێوەبەری دامەزراوو لێژنەی تەندروستیی دەروونی لە پارێزگا لە بڕیاری چوونەژوورەوەی بەزۆرەکی نەخۆش لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێر لە چوونەژوورەوەی ئاگادار بکرێنەوە هاوپێچ لەگەڵ ڕاپۆرتێك کە هەڵسەنگاندنی بارە تەندروستییەکەی لەخۆ بگرێت.

**دووەم:** پزیشکی پسپۆڕ لە پزیشکی دەروونی لە نەخۆشخانەکانی دامەزراوە تەندروستیەکان، بۆی هەیە ئەگەر بینی حاڵەتی نەخۆشە دەروونیەکە دەبێتە مایەی مەترسی بۆ سەر خۆی یان کەسانی تر، بڕیار بدات لە یەکەیەکی چارەسەری داخراودا دابنرێت بۆ ماوەیەك لە (٧) ڕۆژ تێپەڕ نەکات بە مەرجێك لەم ماوەیەدا نەخۆشەکە بخرێتە بەردەم لێژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕ بۆ مەزەندەکردنی باری نەخۆشییەکەی.

**سێیەم:** ئەو یەکە چارەسەرییە داخراوەی ئامرازەکانی چارەسەری خۆپارێزی و سڵەمینەوەی تێدایە گرتنەبەری ڕێکاری گونجاو بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی لە بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە لە ئەستۆ دەگرێت و بۆی هەیە پشت بە پۆلیس ببەستێت ئەوانیش لە سەریانە ڕێکاری پێویست بگرنەبەر .

**ماددەی دەیەم:**

ئەگەر لیژنەی پزیشکی پسپۆڕ بینی کەوا نەخۆش مایەی مەترسیە بۆ سەر خۆی یان کەسانی تر ئەوا بۆی هەیە راسپاردە بکات بەوەی بخرێتە یەکەیەکی پزیشکی چارەسەرکاریی داخراو بۆ ماوەیەك زۆرەکەی (٣٠) سی رۆژ دەبێت بە مەرجێك راسپاردەکە بخرێتە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند لە ماوەی (٧٢) حەفتاو دوو کاتژمێر لە دەرکردنی بڕیاری ڕەزامەندی لەسەر دانانی بۆ چارەسەرکردن.

**ماددەی یازدەم:**

پزیشکی ناپسپۆڕ لە پزیشکیی دەروونی بۆی هەیە نەخۆشی دەروونی بەبێ ویستی خۆی ڕەوانەی یەکێك لە دامەزراوەکانی تەندروستیی دەروونی بکات لە کاتی بوونی نیشانەی ڕوون کەوا بەڵگە بدات لەسەر بوونی شلەژانێکی دەروونیی سەخت، بۆ ماوەیەك لە (٤٨) کاتژمێر تێپەڕ نەکات تاوەکو هەڵسەنگاندنی بارەکەی بۆ بکرێت و ئەویش لەسەر داواکارییەکی نووسراو دەبێت کە پێشکەشی لایەنەی چارەسەرکار دەکرێت و لەم میانەدا دەخرێتە بەردەم پزیشکی پسپۆڕ.

**ماددەی دوازدەم:**

پزیشکی دەروونیی بەرپرس بۆی هەیە ماوەی چوونەژوورەوەی زۆرەکیی دەقکراو لە هەردوو ماددەی (نۆیەم، و دەیەم)ی ئەم یاسایەدا، درێژبکاتەوە بۆ ماوەیەك زۆرەکەی حەوت رۆژە ئەویش ئەگەر ئەو پاساوانەی لە ماددەی (نۆیەم)ی ئەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە بەردەوامبوون و لە تواناشدا نەبوو هەڵسەنگاندنی پزیشکی لە ماوەی سێ رۆژی یەکەمی چوونەژوورەوە زۆرەکیەکە دەسبکەوێت لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی ئەو لایەنانەی لە ماددەی (نۆیەم)ی ئەم یاسایەدا ئاماژەیان بۆ کراوە.

**ماددەی سێزدەم:**

نابێت نەخۆشی دەروونی بە شێوەیەکی زۆرەکیانە لە یەکێك لە دامەزراوەکانی تەندروستیی دەروونی بۆ ماوەی زیاتر لە یەك هەفتە بهێڵدرێتەوە تەنها پاش ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی دەروونی نەخۆشەکە نەبێت لە رێگەی لیژنەی پزیشکی پسپۆڕ، بە مەرجێك هەڵسەنگاندنەکە لە ماوەی حەوت رۆژ لە هێشتنەوەی بەزۆرەکی نەخۆشەکە بۆ لیژنەی تەندروستیی دەروونی لە پارێزگاکەدا بنێردرێت، وە لەگەڵیانیشدا نموونەی بەکارهێنراو بۆ ئەم مەبەستە هاوپێچ بکرێت. وە لە هەموو حاڵەتێکیشدا حاڵەتی چوونەژوورەوەی زۆرەکی نەخۆش کۆتایی پێدێت ئەگەر لیژنەی تەندروستیی دەروونی لە پارێزگاکەدا ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنە دەروونیەکەی پێشکەشیان کراوە پەسەند نەکات.

**ماددەی چواردەم:**

لەو حاڵەتانەی ناتوانرێت تیایدا نەخۆشەکە بهێنرێت لەبەر خۆگرتنی، ئەوا پێویستە لەسەر یەکێك لە خزمە پلە یەك یان دوو یان هەر لایەنێکی فەرمی تایبەتمەند بابەتەکە بخاتە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە بۆ دەرکردنی بڕیار بۆ ئینتیداب کردنی یەکێك لە پزیشکە دەروونیەکان بە مەبەستی پشکنینی باری نەخۆشەکەو بڕیاردان لەسەر ئەوەی ئاخۆ بارەکەی پێویستی بە چوونەژوورەوەی زۆرەکی بۆ دامەزراوەکانی تەندروستیی دەروونی هەیە یان نا و دادوەری ناوبراو بۆی هەیە فەرمان بدات بە گواستنەوەی بۆ یەکێك لە دامەزراوەکانی تەندروستیی دەروونی گشتی بۆ چارەسەریی ئەگەر پزیشکە دەروونیەکە بڕیاری دا کەوا نەخۆشەکە پێویستی بۆ هەیە.

**ماددەی پازدەم:**

ئەگەر باری نەخۆشە دەروونیەکە پێویستی بە چارەسەری هەبێت بۆ ماوەیەك لە (٣٠) سی رۆژ زیاتر بێت لە ماوەی چوونەژوورەوەی نائارەزوومەندانە ئەوا لیژنەی تەندروستیی دەروونی لە پارێزگا بۆی هەیە پاڵپشت بە راپۆرتی پزیشکی دەروونی بەرپرس راسپاردە بکات بە چارەسەرکردنی بۆ ماوەیەکی دیاریکراوو راسپاردەی لیژنەکە لە ماوەی سێ رۆژ لە دەرکردنی بڕیاری ڕەزامەندی لەسەر دانانی نەخۆش بۆ چارەسەرکردن دەخرێتە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەوە.

**ماددەی شازدەم:**

هەر کەسێکی خاوەن بەرژەوەندی بۆی هەیە لە ماوەی دانانەکە تانە بدات لە بڕیاری چوونەژوورەوەی زۆرەکەی یان بەردەوامبوونی یان هەڵوەشاندنەوەی.

**ماددەی حەڤدەم:**

**یەکەم:** دەکرێت نەخۆشی دەروونی ملکەچکراو بۆ چوونەژوورەوە یان چارەسەریی زۆرەکی لەو دامەزراوە تەندروستییە دەروونییەی لێیەتی بەمەبەستی چارەسەری بۆ نەخۆشخانەیەکی گشتی بگوازرێتەوە ئەگەر تووشی نەخۆشییێکی جەستەیی هات و لەو دامەزراوەی کە تیایدایە چارەسەری پێویست نەبوو.

**دووەم:** بەرێوەبەری دامەزراوی تەندروستیی دەروونی بۆی هەیە باری چوونەژوورەوە یان چارەسەریی زۆرەکی کۆتایی پێبهێنێت لەسەر داواکاری یەکێك لە خزمە پلە یەك یان دووەکانی نەخۆش یان ئەوەی شوێنی دەگرێتەوە ئەگەر نەخۆشەکە تووشی نەخۆشییێکی جەستەیی هات ئەگەری مردنی هەبێت پاش ئەوەی داواکارییەکە بخرێتە بەردەم لیژنەی پزیشکی پسپۆڕەوەو پێویستە لەسەر دادگای تایبەتمەند، بە ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر ئەوەی باری چوونەژوورەوە یان چارەسەریی زۆرەکیە، ئاگاداری لیژنەی تەندروستیی دەروونی لە پارێزگاکە بکاتەوە لە ماوەیەك لەسێ رۆژ تێپەڕ نەکات .

**ماددەی هەژدەم:**

ئەگەر ئەو نەخۆشەی حوکمەکانی هەردوو بڕگەی (یەکەم) و(دووەم)ی ماددەی نۆیەمی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لە نەخۆشخانە ڕابکات ئەوا بەڕێوەبەرایەتیەکەی بۆیان هەیە پشت بە پۆلیس ببەستن بۆ گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ گەڕاندنەوەی.

**ماددەی نۆزدەم:**

بەڕێوەبەری نەخۆشخانە بۆی هەیە ناوە بە ناوە مۆڵەت بدات بە هەر یەکێك لەو نەخۆشانەی لە ڕووی دەروونیەوە سەقامگیرن بۆ بەسەربردنی ماوەیەك لە دەرەوەی نەخۆشخانە لە (٤٨) چل و هەشت کاتژمێر تێپەڕنەکات لە ژێر چاودێرییێکی تەواوو بە بەڵێننامەی کەسوکاری کەوا دەیگەڕێننەوە ئەگەر ئەم ڕێکارە ببێتە بەشێك لە چارەسەرکردنی پاڵپشت بە راسپاردەی پزیشکی پسپۆڕی چارەسەرکار.

## دەروازەی چوارەم
## چارەسەریی نەخۆشی دەروونی

**ماددەی بیستەم:**

لە حاڵەتی بوونی توانای ژیریی نەخۆش بۆ تێگەیشتن و پێزانینی ئەو ڕێکارو زانیاریانەی پێشکەشی کراون و گرتنەبەری بڕیارێکی پشتبەستراو بەم پێزانین و گوزارشت لێکردنی بە گوزارشتێکی دروست ئەوا پزیشکی دەروونی بەرپرس پابەند دەبێت بە پێنەدانی هیچ چارەسەرییێك بۆ نەخۆشی چوونەژوورەوەی ئارەزومەندانە بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی پێشوەختەی بیناکراو لەسەر ویستێکی ئازاد، هەروەها پابەند دەبێت بە تۆمارکردنی پلانی چارەسەریی پێشنیارکراو، و جێگیرکردنی ڕەزامەندی یان ناڕەزامەندی نەخۆش لە دۆسیەی پزیشکی تایبەت بەخۆی. وە بەرپرسیارێتی بڕیاردانی توانای ژیریی نەخۆش لەسەر پێدانی یان پێنەدانی ڕەزامەندی راشکاوانە دەکەوێتە سەر پزیشکی دەروونی بەرپرس. وە لە هەموو حاڵەتێکیشدا ئەندامانی تیمی چارەسەریی پابەند دەبن بە تۆمارکردنی هەر دەستێوەردانێکی چارەسەریی کەوا هەر کامیان ئەنجامی دەدەن لە دۆسیەی نەخۆشەکە.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

نابێت هیچ چارەسەرییێکی باری نەخۆشییەکە بدرێتە نەخۆشی دەروونی، ئەم چارەسەرییە چ دەرمانیی بێت یان دەروونی یان ڕەفتاریی یان کارەبایی یان هەر چارەسەرییێکی تر کە لە پزیشکی دەروونیدا بەکار دێت، بەبێ ئەوەی نەخۆشەکە بەتێروتەسەل لێی ئاگادار بکرێتەوە، وە لێ ئاگاداربوونی بەتێروتەسەل پێویست دەکات نەخۆش سروشتی ئەم چارەسەرییەو مەبەستی و ئەو ئاسەوارانەی لەوانەیە لێی بکەونەوەو چارەسەرییەکانی جێگرەوەی تر بۆی بزانێت، وە ئەگەر نەخۆشی

چوونەژوورەوەی زۆرەکی خۆی گرت لە وەرگرتنی چارەسەریی بڕیارداو بۆی ئەوا پزیشکی دەروونی بەرپرس مافی هەیە پابەندی بکات بە چارەسەرییەکە بەمەرجێك پزیشکەکە ڕێکارەکانی چارەسەریی زۆرەکی بگرێتەبەر پێش دەستکردن بەم کارە، وە پێویستە لەسەری بەلای کەم دوو هەفتە جارێك بەدواداچوون بکات بۆ ڕێکارەکانی چارەسەریی زۆرەکی، هەروەها پێویستە دووبارە چاو بەم ڕێکارانەی بخشێندرێنەوە لە کاتی هەڵسانی پزیشکی چارەسەرکار بە ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییێکی بنەڕەتی لە پلانی چارەسەریی مۆڵەتدراو، وە ئەگەر چارەسەریی زۆرەکی بۆ ماوەی زیاتر لە سێ مانگ بەردەوام بێت ئەوا پێویستە هەڵسەنگاندنێکی پزیشکی تر ئەنجام بدرێت.

**ماددەی بیست و دووەم:**

دەکرێت لە حاڵەتی زەرورەتدا چارەسەری بدرێتە نەخۆشی دەروونی بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەو کاتەی ئەمە پێویست بێت بۆ ڕێگەگرتن لە ڕوودانی تێکچوونێکی نزیك بۆ باری دەروونی یان جەستەیی نەخۆش کە دەبێتە مایەی تووشبوونی ژیانی یان تەندروستی نەخۆش یان ژیان یان تەندروستی کەسانی تر بۆ مەترسییێکی زلی نزیك بەمەرجێك ماوەی چارەسەرییەکە لە (٧٢) حەفتاو دوو کاتژمێر تێپەڕ نەکات.

**ماددەی بیست و سێیەم:**

نابێت چارەسەریی کارەبایی پێویست بۆ باری نەخۆشی دەروونی ئەنجام بدرێت تەنها لە ژێر کاریگەری سڕکارێکی گشتی و خاوکەرەوەی ماسولکەکانەوە نەبێت، ئەگەر باری تەندروستی نەخۆش ڕێگە بەمە بدات و پێویستە ڕەزامەندی نووسراو لەسەر ئەمە وەربگیرێت پاڵپشت بە ویستێکی ئازاد و پاش ئاگادارکردنەوەی تێروتەسەل لە سەر سروشتی ئەم چارەسەرییەو مەبەستەکەی، و ئەو ئاسەوارە لاوەکیانەی لەوانەیە لێی بکەونەوە، و چارەسەرییە جێگرەوەکانی، وە ئەگەر نەخۆشی ملکەچ بۆ ڕێکارەکانی چوونەژوورەوە یان چارەسەریی زۆرەکی ئەم جۆرە چارەسەرییەی ڕەتکردەوەو پێویستیش بوو بۆ بارەکەی ئەوا پاش ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنێکی پزیشکی لە لایەن لێژنەی پزیشکی پسپۆڕەوە، بەسەری دەسەپێنرێت.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

**یەکەم:** دەکرێت چارەسەریی لە دەرەوەی چوارچێوەی دامەزراوەکانی تەندروستیی دەروونی بەسەر نەخۆشی دەروونیی ملکەچ بۆ چوونەژوورەوەو چارەسەریی زۆرەکی بسەپێنرێت ئەگەر ئەم مەرجانەی خوارەوە هاتنەکایەوە:

١- باری نەخۆشی دەروونی ڕێگە بدات بە بەردەوامبوونی چارەسەریی بەبێ پێویستی مانەوە لە دامەزراودا.

٢- ئەگەر ڕاگرتنی چارەسەری ببێتە مایەی تێکچوونی باری نەخۆشی دەروونی.

٣- باری نەخۆشەکە نەبێتە مایەی مەترسییێکی زل لەسەر ژیانی نەخۆش یان سەلامەتی یان ژیانی کەسانی تر.

٤- ئەگەر نەخۆشەکە مێژوویێکی ناسراوی هەبوو لە نارێکی لە وەرگرتنی ئەو دەرمانە دەروونییانەی بۆی نووسراون بەجۆرێك ببێتە هۆی تێکچوونی بارەکەی و چوونەژوورەوەو چارەسەریی زۆرەکەی لە یەکێك لە دامەزراوەکانی تەندروستیی دەروونی.

٥- هەڵسەنگاندنێکی پزیشکی بەمە راسپاردە بکات.

٦- ئاگادارکردنەوەی لیژنەی تەندروستیی دەروونی لە پارێزگاکەدا.

**دووەم:** پێویستە ماوەی چارەسەریی دەرەوەی دامەزراوەکانی تەندروستیی دەروونی لە شەش مانگ زیاتر نەبێت و دەکرێت پاش ڕەزامەندی لیژنەی تەندروستیی دەروونیی پارێزگا درێژبکرێتەوە.

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

لە حاڵەتی مردنی ئەو نەخۆشەی ملکەچی ڕێکارەکانی چوونەژوورەوە یان چارەسەریی زۆرەکییە ئەوا بەڕێوەبەرایەتی دامەزراو پابەند دەبێت بە ئاگادار کردنەوەی دادگای تایبەتمەندو کەسوکاری نەخۆش و لیژنەی تەندروستیی دەروونی لە پارێزگا لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێر لە ڕێکەوتی مردنەکە، و ناردنی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل بۆ لیژنەی ناوبراو لەسەروە هاوپێچ لەگەڵ وێنەیەکی تەواوی دۆسیەی نەخۆشە مردووەکەو گشت ئەو پشکنین و توێژینەوەو ڕێگەکانی چارەسەرکردنانەی بەکارهاتوون لەخۆ بگرێت.

## دەروازەی پێنجەم
## چاودێریی نەخۆشە تۆمەتبارەکان

**ماددەی بیست و شەشەم:**

**یەکەم:** لیژنەیەکی پزیشکی دەروونی لە هەر پارێزگایەك لە سێ پزیشکی پسپۆڕ لە پزیشکی دەروونی گشتی پێکدەهێنرێت کە وەزیری تەندروستی یان ئەوەی ڕایدەسپێرێت دەسنیشانیان دەکات و کاری هەر یەکێکیان لەم بوارەدا لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت پشکنینی ئەو تۆمەتبارانەی بۆیان ڕەوانە دەکرێن بەمەبەستی مەزەندەکردنی باری دەروونی و ئاستی مەترسییان لە سەر خۆیان و لەسەر کۆمەڵگە لە ئەستۆ دەگرێت.

**دووەم:** ئەگەر ئەو لایەنانەی لێکۆڵینەوە یان دادگاییکردن لە دۆسیەی تۆمەتبارێك لە ئەستۆ دەگرن بۆیان دەرکەوت کەوا پێویستە باری دەروونی پشکنینی بۆ بکرێت لە ڕوانگەی گومانکردن لە تووشبوونی بە شلەژانێکی دەروونی یان لەسەر داواکاری تۆمەتبار یان کەسوکاری یان پارێزەری بەرگری یان داواکاری گشتی ئەوا ڕەوانەی لێژنەی پزیشکی دەروونی دەکرێت بۆ پشکنین و دانانی لە ژێر تیروانین و چاودێری وورد و پێشکەشکردنی راپۆڕتی پزیشکی دەرهەقییەوە.

**سێیەم:** ئەو تۆمەتبارەی لە بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا باسکراوە لە ماوەیەك کە زۆرەکەی (٧) حەوت رۆژە لە رێکەوتی ڕەوانەکردن لە دادگای تایبەمەندەوە ڕەوانەی لێژنەی پزیشکیی دەروونی دەکرێت بەپێی نموونەیەکی تایبەتی هاوپێچکراو لەگەڵ کورتەیەکی ئەو کێسەی لەسەری تۆمەتبارکراوەو بارە هاوەڵبووەکانی و هەر زانیاری یان راپۆڕتێکی پزیشکی یان کۆمەلآیەتی دەربارەی بارەکەی و کۆپیەك لە نموونەی ڕەوانەکردنەکە دەدرێتە لێژنەی تەندروستی دەروونی لە پارێزگاکەدا.

**چوارەم:** ئەو نەخۆشە تۆمەتبارە ڕەوانەکراوەی بەپێی هەردوو بڕگەی (دووم) و (سێیەم)ی ئەم ماددەیە لە یەکەیەکی چارەسەریی داخراودا لە ژێر سەرپەرشتیکردنی پزیشکیی دەروونی دادەنرێت و دەخرێتە بەردەم لێژنەی پزیشکی دەروونی بە شێویەکی خولیی بۆ دانانی راپۆرتێك دەربارەی باری دەروونی و ئاستی پێزانینی بۆ ڕەفتارو بەرپرسیارەتیەکانی لە ماوەی (٣٠) سی رۆژی شیاو بۆ درێژکردنەوە.

**ماددەی بیست و حەوتەم:**

لێژنەی پزیشکی دەروونی لەوەی پەیوەستە بەو نەخۆشەی بۆی ڕەوانەکراوە بەپێی ماددەی (٢٦)ی ئەم یاسایە ئەم رێکارانەی خوارەوە دەگرێتەبەر:

**یەکەم:** مەزەندەکردنی باری دەروونی و ئاستی کاریگەری لەسەر پێزانین و ویستی لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکە.

**دووەم:** توانای ئامادەبوونی لەبەردەم دادگاو بەرگری کردن لە خۆی.

**سێیەم:** ئاستی مەترسیداربوونی لەسەر خۆی و لەسەر کۆمەڵگەدا.

**چوارەم:** راسپاردن بە چارەسەرکردنی لە یەکەیەکی چارەسەریی داخراو تاوەکو لاچوونی مەترسیەکانی.

**ماددەی بیست و هەشتەم:**

**یەکەم:** ئەگەر دادگا بڕیاریدا پاڵپشت بە راپۆڕتی لیژنەی پزیشکی دەقکراو لە ماددەی (٢٧)ی ئەم یاسایەدا، لەسەر ئەوەی تۆمەتبار لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەی بەرپرسیارێتی تاوانکاریی نییە ئەوا دادگا بڕیار دەدات بە دەسبەسەرداگرتنی لە یەکەیەکی چارەسەریی داخراودا تاوەکو لاچوونی مەترسییەکەی.

**دووەم:** ئەو نەخۆشەی حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەیگرێتەوە ملکەچ دەبێت بۆ بەرنامەیەکی چارەسەریی و ئامادەسازیی تاوەکو لاچوونی مەترسیەکەی و پزیشکی پسپۆڕ ڕاپۆڕتێکی خولیی دەربارەی بارەکەی پێشکەشی لیژنەی پزیشکی دەروونی دادوەریی دەکات.

**سێیەم:** دادگای تایبەتمەند بۆی نیە ئەو نەخۆشەی حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەیگرێتەوە لە دامەزراو بهێنێتە دەرەوە تەنها پاڵپشت بە راپۆڕتێکی پزیشکیی لیژنەی پزیشکی دەروونیەوە نەبێت کە لایەنگیریی لاچوونی مەترسییەکانی بکات.

**چوارەم:** داواکاری گشتی و کەسوکاری تۆمەتبار بۆیان هەیە تێهەڵچوونەوە بکەن بۆ بڕیاری لیژنەی پزیشکی دەروونی لە لای لیژنەی پزیشکی دەروونی تێهەڵچوونەوەیی لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ لە ڕێکەوتی پێڕاگەیاندن بە بڕیارەکە.

**پێنجەم:** ناکرێت دانانەکە کۆتایی پێ بهێنرێت تەنها پاش گەڕانەوە نەبێت بۆ لایەنی دادگەریی فەرمانکار بە دانان و پێویستە هەڵسەنگاندنی بڕیارەکانی دانان هەر (٣٠) رۆژ جارێك پێداچوونەوەی بۆ بکرێت.

**ماددەی بیست و نۆیەم:**

نەخۆشی تۆمەتبار پاش لاچوونی مەترسیەکەی ملکەچی بەرنامەی ئامادەسازیی کۆمەلآیەتی دەکرێت بە مەرجێك لە دەرەوەی یەکەی چارەسەریی داخراودا بێت.

**ماددەی سییەم:**

ئەگەر بۆ دادگا دەرکەوت پاڵپشت بە راپۆڕتی پزیشکی دەروونی کەوا نەخۆش بەشێوەیەکی بەشەکەیی (نیمچەیی) بەرپرسیاریەتیەکانی مەزندە دەکات ئەوا بۆی هەیە بڕیار بدات بە مانەوەی لە یەکەی چارەسەریی داخراودا تاوەکو چاکدەبێتەوە.

**ماددەی سی و یەكەم:**

كەسوكاری ئەو نەخۆشەی حوكمەكانی ماددەی (٢٨)ی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە پابەند دەبن بەوەی بیخەنە بەردەم یەكەی چارەسەریی پسپۆڕ بۆ پشكنینی بە شێوەیەكی خولیی كەوا پزیشكی چارەسەركار بڕیاری لەسەر دەدات.

**ماددەی سی و دووەم:**

**یەكەم:** ئەگەر گومان كرا لە تووشبوونی نیشتەجێكراوێك یان سپێردراوێك لە كاتی بەسەربردنی ماوەی سزای ئازادیستێن بە شلەژانێكی دەروونی ئەوا بۆ نزیكترین یەكەی چارەسەریی داخراو ڕەوانە دەكرێت بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەم لێژنەی پزیشكی دەروونی و ئەوەی دەیبینێت بڕیاری لەسەر بدات.

**دووەم:** ئەگەر لێژنە بینی كەوا باری نەخۆشی نیشتەجێكراو یان سپێردراو پێویستی بە چارەسەریی هەیە ئەوا پێویستە لەسەری ماوەكەی لە ڕاپۆرتەكەدا دیاری بكات و ئاگاداری فەرمانگەی چاكسازیی لە هەرێمی كوردستان بكرێت.

**سێیەم:** نیشتەجێكراو یان سپێردراو ڕاستەوخۆ لە دوای چاكبوونەوەی دەگەڕێندرێتەوە فەرمانگەی چاكسازیی.

**ماددەی سی و سێیەم:**

بەڕێوەبەری دامەزراو لە حاڵەتی تووشبوونی سپێردراوێك بە یەكێك لە نەخۆشیە ئەندامییەكان بۆی هەیە ڕێگە بە چوونەدەرەوەی بدات لە ژێر پاسەوانیی پۆلیس بەمەبەستی چارەسەركردنی لە یەكێك لە نەخۆشخانە پسپۆڕەكان، لەم حاڵەتەشدا پۆلیس پابەند دەبێت بە پاسەوانیی كردنی بەدرێژایی ماوەی چارەسەریكردن و گەڕاندنەوەی بۆ جێگەی دانان.

## دەروازەی شەشەم

## مافەكانی نەخۆش

**ماددەی سی و چوارەم:**

ئەو نەخۆشە دەروونییەی لە یەكێك لەو دامەزراوانەی لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا دەقیان لەسەر كراوە ئەم مافانەی خوارەوەی دەبێت:

**یەكەم:** وەرگرتنی چاودێریی پێویست لە ژینگەیەكی تەندروستدا.

**دووەم:** قەدەغەكردنی كۆتكردنی ئازادی بەپێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**سێیەم:** پێزانینی ناوو پیشەی گشت ئەندامەکانی ئەو تیمە چارەسەرکارییەی کە لە دامەزراوەکە چاودێری دەکات.

**چوارەم:** وەرگرتنی زانیاری تەواو دەربارەی دەسنیشانکردنی بارەکەی و پلانی چارەسەریی پێشنیارکراوو ئەگەری پێشهاتەکانی بارەکەی.

**پێنجەم:** ئەو چارەسەرییەی پێشکەشی دەکرێت بەپێی ستاندەرە پزیشکیە ڕەچاوکراوو دانپێنراوەکانی لایەنە زانستیەکانەوە بێت.

**شەشەم:** پێویستی وەرگرتنی ڕەزامەندی لیژنەی ڕەوشتەکانی توێژینەوەی زانستی پێش ئەوەی بخرێتە بەردەم هەر توێژینەوەیەکی نۆشدەریی چاودێرییەکیی.

**حەوتەم:** لە حاڵەتی ڕەزامەندی لەسەر ملکەچبوون بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەو توێژینەوەی زانستی باسکردنێکی تەواوی ئامانجی تاقیکردنەوەکەی بۆ بکرێت، بە مەرجێك ئەنجامدانی تاقیکردنەوە لەسەر ئەو نەخۆشانەی دەکەونە بەر بڕیارەکانی چوونەژوورەوەو چارەسەریی زۆرەکی قەدەغە بکرێت.

**هەشتەم:** پاراستنی نهێنی ئەو زانیارییانەی پەیوەستە بە خۆی و بە دۆسیە پزیشکیەکەی و ئاشکرانەکردنی ئەم زانیاریانە بۆ مەبەستە نا چارەسەرییەکان تەنها لەم حاڵەتانەی خوارەوە نەبێت:

١- داواکردنی زانیارییەکان لە لایەن لایەنێکی دادگەرییەوە.
٢- بوونی ئەگەری ڕوودانی زیانێکی مەترسیدار یان پێکانێکی خراپ بۆ نەخۆش یان بۆ کەسانی تر.
٣- حاڵەتەکانی دەستدرێژی کردنە سەر منداڵ یان گومان کردن لە بوونی دەستدرێژی.
٤- لیژنەی تەندروستیی دەروونی لە پارێزگا مافی هەیە بڕوانێتە تۆماری نەخۆشەکان.

**نۆیەم:** پاراستنی تایبەتمەندیی و پەیوەستە کەسایەتی و شوێنی دانیشتنی لە دامەزراوەکاندا.

**دەیەم:** دەسکەوتنی ڕاپۆرتێکی پزیشکی تەواو دەربارەی باری دەروونی و دەربارەی سەرجەم ئەو پشکنین و ڕێکارە چارەسەرییانەی لە کاتی چارەسەرکردنیدا لە نەخۆشخانە بۆی ئەنجام دراون، وە لە حاڵەتی خواستی لەسەر دەسکەوتنی کۆپیەکی تەواو لە دۆسیەکەی ئەوا بۆی هەیە پەنا بباتە بەر لیژنەی تەندروستیی دەروونی لە پارێزگاو لیژنە بۆی هەیە بە شێوەیەکی کاتیی ئەم مافەی لێ بسەنێت لەبەر هۆی چارەسەرکاریی و نەخۆشیش مافی هەیە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە تەزەلوم بکات لەم ڕێکارە.

**یازدەم:** تەزەلوم کردن لە هەر ڕێکارێك بەپێی ئەو ڕێساو ڕێکارانەی ڕێنماییە دەرکراوەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دیاریان دەکات.

**دوازدەم:** چاوپێکەوتنی ئەوانەی سەردانی دەکەن یان ڕەتکردنەوەیان تەنها ئەگەر چاوپێکەوتنەکە ناکۆك بێت لەگەڵ پلانی چارەسەریی.

**سێزدەم:** تواناپێدانی لەسەر چاوپێکەوتنی پارێزەرەکەی.

**چواردەم:** دەستکەوتنی مۆڵەتیی چارەسەریی بەپێی ئەو پلانە چارەسەرییەی بۆی دانراوە.

**پازدەم:** داواکردنی چوونەدەرەوە لە دامەزراو بەبێ یاوەری هیچ کەسێك لە کەسوکاری ئەگەر ماوەی چوونەژوورەوەی زۆرەکی کۆتایی هاتبێت پاش وەرگرتنی پلان بۆ چاودێریکردنی لە ڕووی دەروونیەوە پاش دەرچوونی، لەگەڵ ڕەچاوکردنی چاودێریکردنی لە ڕووی کۆمەلایەتیەوە.

**شازدەم:** پاراستنی لە وەسوودهێنانی ئابوری و سێکسی و لە ئازاردانی جەستەیی و دەروونی و مامەڵەی ڕیسواکار.

**حەڤدەم:** دەسکەوتنی خزمەتگوزارییەکانی گەیاندنە ناوەخۆو دەرەکیەکان بەپێی پلانی چارەسەریی بڕیاردراو.

**هەژدەم:** لە حاڵەتەکانی چارەسەریی ئارەزومەندانە ئەوا نەخۆشی دەروونی مافی هەیە لە:

١- وەرگرتنی زانیاری پێویست بۆ دەربڕینی ڕەزامەندی ڕاشکاوانەو ئازادانە بۆ هەر چارەسەرییێکی پێشنیارکراو لە لایەن تیمی چارەسەرکارەوە.

٢- ڕەتکردنەوەی چارەسەریی پێشکەشکراو بۆی بە مەرجێك لە ئاسەواری ئەم ڕەتکردنەوەیە لەسەر تەندروستیەکەی ئاگادار بکرێتەوە.

٣- وەرگرتنی بیروڕای لە سەرجەم ئەو بڕیارانەی پەیوەستن بە چارەسەرکردن و چوونەدەرەوەی لە دامەزراوەکان و وەرگرتنی ڕاپۆرتی نووسراو لە بەرێوەبەرایەتی دامەزراوەکە دەربارەی پلانی چارەسەرکردن و چوونەدەرەوەی.

**ماددەی سی و پێنجەم:**

ئەو دامەزراوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە بەمانەی خوارەوە پابەند دەبن:

**یەکەم:** ڕادەستکردنی نەخۆش و کەسوکاری وێنەیەك لەو مافانەی نەخۆش کە لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە لە کاتی چوونەژوورەوەی دامەزراوەکان لەگەڵ دانانی کۆپیەك لەم مافانە لە دۆسیە پزیشکیەکەی و یەکێکی تر لە تۆمارە پزیشکیەکان پاش واژووکردنی لەسەری لە لایەن نەخۆشەوە.

**دووەم:** دانانی کۆپییەك لەم مافانە لە شوێنی بەرچاو تاوەکو نەخۆش و میوانەکان سەیریان بکەن.

**سێیەم:** ڕوونکردنەوەی ئەم مافانەو رێکارەکانی تەزەلوم، و چۆنیەتی پێشکەشکرنی سکالاو ئەو لایەنەی وەریدەگرێت بۆ هەر نەخۆشێك لە کاتی چوونەژوورەوە بۆ ناو دامەزراوەکانی تەندروستیی دەروونی.

**ماددەی سی و شەشەم:**

ناکرێت بۆ کەس جگە لە تاکەکانی تیمی چارەسەرکار یان ئەوانەی تۆمارە پزیشکیەکان رێکدەخەن بڕواننە بەڵگەنامەکانی تایبەت بە نەخۆش، هەروەها ناکرێت کۆپییێکی لێ دەربهێنرێت تەنها بە مۆڵەتی لیژنەی تەندروستیی دەروونی پارێزگایەکەوە نەبێت.

**ماددەی سی و حەوتەم:**

ناکرێت ئازادی نەخۆش لە ڕووی جەستەییەوە کۆت بکرێت یان گۆشەگیر بکرێت بە هەر ئامرازێك بەبێ گرتنەبەری رێکارە دیاریکراوەکان بەپێی ئەو رێنماییانەی دەردەکرێن بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

## دەروازەی حەوتەم
## حوکمی سزایی

**ماددەی سی و هەشتەم:**

**یەکەم:** لەگەڵ پێشێل نەکردنی هەر سزایەکی توندتر کە یاسا دەقی لەسەر بکات ئەوا سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە یەك ساڵ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت هەر کەسێك:

١- بە نیازخراپی زانیاری یان داتا یان راپۆرت بە پێچەوانەی ڕاستی دەربارەی باری دەروونی کەسێك پێشکەش بکات بەمەبەستی ئەوەی بەزۆرەکی دەسبەسەر بکرێت وەك نەخۆشێکی دەروونی یان بە ئامانجی کۆتاییهێنانی دەسبەسەرییەکەی، یان لێبووردنی لە بەرپرسیارێتی تاوانکاریی چ بە شێوەیەکی تەواو یان بەشەکیی.

٢- ئەو پابەندییەی لە ماددەی (٣١)ی ئەم یاسایەدا دەقی لەسەر کراوە پێشێل بکات.

**دووەم:** سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە دوو ساڵ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك لە پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت یان بە یەکێك لەم دوو سزایە:

١- هەر پزیشکێك بە ئەنقەست لە ڕاپۆرتەکەی شتێك بسەلمێنێت کەوا پێچەوانەی ڕاستی بێت دەربارەی باری دەروونی یان ژیریی کەسێك بە مەبەستی ئەوەی بیخەنە دامەزراوەکان یان لێی بهێننەدەرەوە یان بە ئامانجی ئەوەی بە شێوەیەکی تەواو یان بەشەکیی لە بەرپرسیارێتی تاوانکاریی بیبوورن.

٢- هەر یەکێك کەسێك بە سیفەتی تووشبوونی بە یەکێك لە نەخۆشیە دەروونیەکان یان ژیرییەکان لە شوێنێك دەسبەسەر بکات یان بە ئەنقەست ببێتە هۆی دەسبەسەراگرتنی لە شوێنێك جگە لەو شوێنانەی یان ئەوا حاڵەتانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە.

**ماددەی سی و نۆیەم:**

سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك لە سێ سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت هەر کەسێك:

**یەکەم:** بە ئەنقەست توانا بداتە کەسێکی ملکەچ بۆ ڕێکارەکانی چوونەژوورەوە یان چارەسەریی زۆرەکی بۆ ڕاکردن یان یارمەتی بدات لەسەر ڕاکردن یان بەخۆی یان بە هۆی کەسانی ترەوە بیشارێتەوە لەگەڵ پێزانینی.

**دووەم:** بوو بە ڕێگر لەبەردەم هەڵسانی لێژنەی تەندروستیی دەروونی یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات لە ئەنجامدانی پشکنین بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**سێیەم:** ڕەتکردنەوەی پێدانی زانیاری کەوا لێژنەی تەندروستیی دەروونی یان پشکنەرەکان لە ئەنجامدانی کارەکانیان پێویستیان پێیە یان زانیاری پێچەوانەی ڕاستی پێدان لەگەڵ پێزانینی.

**ماددەی چلەم:**

سزا دەدرێت بە غەرامەیەك لە یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت هەر کەسێك سەرپێچی حوکمێك لە حوکمەکانی ماددەکانی (٩، ١٠، ٢١، ٢٢، ، ٣٥)ی ئەم یاسایە بکات.

**ماددەی چل و یەکەم:**

**یەکەم:** هەر کەسێك نهێنییێك لە نهێنیەکانی نەخۆشی دەروونی بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئاشکرا بکات ئەوا سزا دەدرێت بە غەرامەیەك لە یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

**دووەم:** هەر کەسێك هەڵبستێت بە ئەنقەست یان بە بێباکیەکی گەورە بە پێدانی دەرمانێك بە نەخۆش بەبێ ڕێنمایی پزیشکی پسپۆڕ یان بە پێچەوانەی ڕێنماییەکانی ئەوا سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە یەك ساڵ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك لە یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

**ماددەی چل و دووەم:**

هەر کەسێك سەرپێچی حوکمەکانی ماددەی (٣٧)ی ئەم یاسایە بکات ئەوا سزا دەدرێت بە غەرامەیەك لە سێ سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

**دەروازەی هەشتەم**

**ماددەی چل و سێیەم:**

پێویستە لەسەر وەزیری تەندروستی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی چل و چوارەم:**

کار بە هیچ دەقێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی چل و پێنجەم:**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**
١٨/حوزەیران/٢٠١٣ ی میلادی

**هۆیە پێویستکارەکان**

لە پێناو پاراستنی مافی نەخۆشە دەروونییەکان و مسۆگەرکردنی چاودێریی تەندروستی و کۆمەلآیەتی بۆیان، و دووبارە ئامادەسازیی کردنەوەیان وەك توێژێکی کاریگەرو چالاك لە کۆمەڵگەدا، ئەوا ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بڕیار**
**ژمارە (١٣) ساڵی ٢٠١٣**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوە، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان - عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢٣) لە ٢٧/ ٥/٢٠١٣ بریارماندا بە دەرکردنی:-

**یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٣**
**یاسای هەمواری سێیەمی یاسای سندوقی خانەنشینیی پارێزەران لە هەرێمی کوردستان – عێراق**
**ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩**

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی (٥)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم: داهاتەکانی سندوق لەم سەرچاوانەی خوارەوە پێکدێن:

١ـ ئابونەی بەشداربوونی پارێزەران لە سندوقدا.

٢ـ ئەو پوولانەی تایبەتن بە سندوقەکە.

٣ـ (١٥٪)ی ئەو مزوکرێیەی بەپارێزەر دەدرێ لەو دەعوایانەدا کە لیژنەی بەشکردنی دەعواکان بەپێی یاسای پارێزەرایەتی پێی دەسپێرێ .

٤ـ بەخششە جۆراوجۆرەکانی بە رەزامەندی دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان .

٥ـ دەستگیرۆیی و یارمەتییەکانی حکومەتی هەرێم .

**دووەم:** له حاڵەتی ڕوودانی کورتهێنان له سندوقدا ئەوا وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێم پڕکردنەوەی کورتهێنانی سندوقەکه له ئەستۆ دەگرێت.

**ماددەی دووەم:**

بەندی (١)ی بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٦)ی یاساکه هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**دووەم:**

١- ئابوونەی سالآنەی ئەندامێتی بەگوێرەی ماوەی تۆمارکردن بەم شێوەیەی خوارەوە لە پارێزەر وەردەگیرێت:

أ- (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار ئەگەر ماوەی سێ ساڵ بەسەر تۆمارکردنی تێنەپەڕی بێت.

ب- (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار ئەگەر ماوەی سێ ساڵ بەسەر تۆمارکردنی تێپەڕی بێت .

جـ- (٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار ئەگەر ماوەی پێنج ساڵ بەسەر تۆمارکردنی تێپەڕی بێت.

د- (٣٥٠,٠٠٠) سێ سەدو پەنجا هەزار دینار ئەگەر ماوەی دە ساڵ بەسەر تۆمارکردنی تێپەڕی بێت.

هـ- (٤٠٠,٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار ئەگەر ماوەی پازدە ساڵ بەسەر تۆمارکردنی تێپەڕی بێت.

و- (٤٥٠,٠٠٠) چوار سەدو پەنجا هەزار دینار ئەگەر ماوەی بیست ساڵ بەرەو سەر بەسەر تۆمارکردنی تێپەڕی بێت.

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی (١٥)ی یاساکه هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم: مووچەی خانەنشینی تەرخان دەکرێت و لەسەر بنەمای (٦,٠٠٠) شەش هەزار دینار بۆ هەر مانگێکی ماوەی خانەنشینی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە هەژمار دەکرێت و بۆ ئەم مەبەستەش کەرتی دوایین مانگ بە مانگێکی تەواو هەژمار دەکرێت. بەمەرجێك مووچەکه له (١,٨٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن و هەشت سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت.

دووەم: مووچەی خانەنشینی ئەو پارێزەرانەی پێش بەرکاربوونی ئەم یاسایە لە هەرێمی کوردستاندا خانەنشین کراون هەموار دەکرێت و مووچەی خانەنشینی تەرخان دەکرێت لەسەر بنەمای (٣,٠٠٠) سێ هەزار دینار بۆ هەر مانگێکی ماوەی خانەنشینی و بۆ ئەم مەبەستەش کەرتی دوایین مانگ بە مانگێکی تەواو هەژمار دەکرێت.

**ماددەی چوارەم:**

ماددەی (١٦)ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

دەکرێت مافە خانەنشینیەکانی پارێزەرایەتی و هەر مافێکی خانەنشینیی تر بە چاوپۆشین لە سەرچاوەکەی کۆبکرێنەوە بەمەرجێك كۆی گشتیان مانگانە لە (١,٨٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن و هەشت سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت.

**ماددەی پێنجەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**
١٨/حوزەیران/٢٠١٣ ی میلادی

## هۆیە پێویستکارەکان

لەپێناو بەرزکردنەوەی مووچەی خانەنشینی پارێزەری خانەنشینکراو، یان ئەوەی خانەنشین دەکرێت، ئەوا ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**سەرۆکایەتی هەرێم**

**ژمارە : د- ٤٠٩ لە ٢٠١٣/٦/٢٠**

## بڕیار
### ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٣

بەپێی ماددەی (دەیەم / یەکەم – ٢ ) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و ، لەبەر نارەزایی ژمارەیەکی زۆر لە پارێزەرانی کوردستان لە سەر هەموارکردنی ماددەی (١٩) لە یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان ، و لە پێناو پاراستنی ئاراستەی یاساکانی کوردستان کە ئامانجی سەرەکییان پاراستنی بەرژەوەندی گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانە ، و بۆ ئەوەی یاساکە بە شێوەیەك دابڕێژرێتەوە کە ڕێکخستنی پیشەی پارێزەرایەتی بیانی لە کوردستان نەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە پارێزەرانی کوردستان ، بڕیارماندا تێکڕای یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای هەمواری سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٩ بگەڕێنینەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر بەرژەوەندی پارێزەرانی کوردستان لەبەر چاو بگرێت .

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**
٢٠١٣/٦/١٩

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

## بڕیاری ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٣
## بڕیاری هەموارکردنی حەوتەمی پەیڕەوی ناوخۆی
## پەرلەمانی کوردستانی - عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢

پشت بە حوکمەکانی ماددەی (٩٤) لە پەیڕەوی ناوەخۆی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، لەسەر پێشنیاری سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ، پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢٧) ی رۆژی ٢٠١٣/٥/٢٧ بڕیاریدا بە :-

**ماددەی یەکەم :**

بڕگەی (١) ی ماددەی (٥٦)ی پەیڕەوی ناوخۆ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە : ئەندام لە شوێنی خۆیدا بە دانیشتن قسەکانی رووبەڕووی سەرۆك دەکا ، یان لە سەر ئەو سەکۆیە دادەنیشێ کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراو و ، نابێ قسەکانی خۆی یان هی ئەندامانی تر دووبارە بکاتەوە کە پێش ئەو قسەیان کردووە ، نابێ لە بابەتەکە دەربچێت و دووجار لەسەر یەك بابەت قسە بکات ، مەگەر داوا لە سەرۆك بکات ، ئەگەر وای نەکرد سەرۆك بۆی هەیە وریای بکاتەوە بۆ پیادەکردنی حوکمەکانی ئەو پەیڕەوە .

**ماددەی دووەم :**

بڕگەی (١)ی ماددەی (٧٥) ی پەیڕەوەی ناوخۆ هەمواردەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە : دەنگدان بەئاشکراو بە دەست بەرزکردنەوە دەبێت یان بە بەکارهێنانی ئامێری ئەلیکترۆنی ، ئەگەر گومان لە بەدی هاتنی زۆرینە لە دەنگداندا کرا ، دەنگدانەکە لە شێوەی خوێندنەوەی ناوی ئەندامان‌دا دووبارە دەکرێتەوە .

**ماددەی سێیەم :**

کار دەکرێت بەم هەموار کردنە لە رۆژی دەرچوونیەوە و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان )دا بڵاودەکرێتەوە .

**د. ارسلان بایز اسماعیل**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو
ژمارە : ٦٢١٩ لە ٢٠١٣/٦/١٠

## ڕێنمایی ژمارە ( ٧ ) ساڵی ٢٠١٣
## ڕێنمایی تایبەت بە هەڵکەندنی بیری ئاو

**ماددەی -١-**

ئەو زاراوانەی دادێن ، ئەو مانایانە دەگەیەنن کە بەرامبەریان دیاری کراوە .

**یەکەم:** وەزارەت : وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

**دووەم** : وەزیر: وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

**سێیەم** : بەڕێوەبەرایەتی گشتی : بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاو .

**چوارەم** : بیر هەڵکەن : بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و نووسینگەو کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کەتایبەتمەندن بە کاری هەڵکەندن و تێست .

**پێنجەم** : لایەنی سوودمەند: هاوولاَتی یان جووتیار یان کەسی ( مەعنەوی )کە بیری ئاوی بۆ هەڵدەکەندرێت .

**شەشەم** : بیری ئاو: ئەو بیرەیە کە بڕ و جۆرێك ئاو بەرهەم دەهێنێت .

**حەوتەم** : جۆرەکانی بیر:

أ- بیری کەم قووڵ: ئەو بیرانەن کە بە ئامێری هەڵکەندنی بیر هەڵناکەندرێن .

ب- بیری قووڵ: ئەو بیرانەن کە بە ئامێری بیر هەلکەندن هەڵدەکەندرێن .

پێناسەی بیر:-

أ- بیری هەڵقووڵاو ( ئیرتیوازی ): ئەو بیرانە دەگرێتەوە کە ئاوەکانیان بە شێوەیەکی ئاسایی هەڵدەقولێت .

ب- بیری گشتی : ئەو بیرانە دەگرێتەوە کەلەسەر داوای لایەنی فەرمی بۆ پڕۆژە گشتیەکان بە مەبەستی سوودی گشتی هەڵدەکەندرێن.

ج- بیری کەرتی تایبەت: ئەو بیرانە دەگرێتەوە کە لەسەر داوای کەرتی تایبەت هەڵدەکەندرێن بۆ سوودی پڕۆژەکانی ئەم کەرتە.

د- بیری ئەزموونی: ئەو بیرانەن کە بۆ مەبەستی زانستی و توێژینەوە هەڵدەکەندرێن .

هـ- بیری سەرکەوتوو: ئەو بیرانە دەگرێتەوە کە بەرهەم و جۆری ئاوەکەیان لەگەڵ مەبەست و ئامانجی هەڵکەندنەکەی و پێوەری زانستی و ستاندەرەکاندا دەگونجێت .

و- بیری سەرنەکەوتوو :

١- لە ڕووی هایدرۆجیۆلۆجییەوە ئەو بیرانە دەگرێتەوە کە بەرهەم و جۆری ئاوەکەیان لەگەڵ پێداویستی پرۆژە و مەبەست و ئامانجی هەڵکەندنەکەیان و پێوەری زانستی و ستاندەرەکاندا ناگونجێت و ڕێژەی ڕێگە پێدراو (١٠%) زیاتر نەبێت .

٢- لە ڕووی تەکنیکییەوەئەو بیرانە دەگرێتەوە کە بە هۆی گرفتێکی تەکنیکی سەرکەوتوو نابن وەك ( خواری بیر ، پچڕانی بۆڕی ناوپۆش ، پچڕانی بۆڕی هەڵکەندن ....هتد ) ڕێژەی ڕێگە پێدراو بۆ بیری سەرنەکەوتوو لە ڕووی تەکنیکییەوە (٣%) زیاتر نەبێت .

**ماددەی -٢-**

دووری نێوان دوو بیر :

دووری نێوان دوو بیر بە پێی جۆری بیرەکەو مەبەستی هەڵکەندنەکەی دیاری دەکرێت ، لەگەڵ ڕەچاوکردنی جۆری چینی ئاو هەڵگر و ڕاپۆرتی جیۆلۆجی ئەو شوێنەی کە بیرەکەی تێدا هەڵدەکەندرێت بەم شێوەیە:

- دووری نێوان بیرەکان لە ناوچەی شاخاوی پێویستە لە (٢٥٠) مەترکەمتر نەبێ بۆ پارێزگاکانی ( هەولێر، دهۆك ، ئیدارەی گەرمیان ) وە (٢٠٠) مەتر بۆ پارێزگای سلێمانی .
- دووری نێوان بیرەکان لە پێکهاتەی دەنکۆڵەییدا .

**أ- پارێزگای هەولێر :**

حەوزی سەروو ( باکوور ) :- پێویستە دووری نێوان دوو بیر (٤٥٠) مەتربێت .

حەوزی ناوەراست :- پێویستە لە (٦٠٠)مەتر کەمتر نەبێت .

حەوزی خواروو (باشوور) : پێویستە دووری نێوان دوو بیر (٥٥٠) مەتر بێت .

**ب- پارێزگای سلێمانی :**

پێویستە لە (٤٥٠) مەتر کەمتر نەبێت .

**ج- پارێزگای دهۆك :**

١- لە دەشتی سێمێل و زاخۆ و شێخان دا پێویستە لە (٥٠٠)مەتر کەمتر نەبێت .

٢- لە دەشتی ئاکرێ و ئەو شوێنانەی کە بیرەکانیان ئیرتیوازی دەردەچێت پێویستە لە (٦٠٠) مەتر کەمتر نەبێت.

**د-ئیدارەی گەرمیان:**

پێویستە لە (٤٥٠) مەتر کەمتر نەبێت .

هـ- بیرەکانی سوودی گشتی (نفع عام) کە بۆ شارو شارۆچکەو گوندەکان بە مەبەستی دابـین کردنـی ئاوی خواردنەوە هەڵدەکەندرێن یان بۆ پڕۆژەی ستراتیجی مادەی (٢) نایانگرێتەوە .

سوودی گشتی ( نفع عام ) : واتە لایەنی پەیوەنداری فەرمی ( حکومی ) .

و- ئەو زەویانەی کە ڕووبەریان بە پێـی مـاددەی (٧)ی خـاڵی (٢)ە بـەلاّم مـاددەی (٢)ی دووری نایانگرێتەوەلەگەڵ بیرەکانی دەوروبەر لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆر کەشفی بۆ دەکرێت پاش دڵنیا بوون لەوەی کە پرۆژەیەکی کشتوکاڵی گرنگی لەسەر ئەنجام دەدرێت مۆڵەتی بیری پێدەدرێت.

عەمباری ئاوی ژێر زەوی دەنکۆڵەیی ( Intergranular aquifer ):- بریتییە لە ( نیشتووی نوێ وپێکهاتەی بەختیاری) لەبارودۆخی شـیاوو گونجـاو لـە ڕووی(structure) و تۆپۆگرافیـایی پێکهاتەی ( Upper Fars ) یش دەبێتە عەمبار وەك دەشتی هەریر و دیبەگە ....هتد.

**ماددەی -٣-**

دووری شوێنی بیرەکان لە کانی و کارێز و پڕۆژە و سەرچاوەکانی ئاو :

بە هیچ جۆرێك ڕێگە بە هەڵکەندنی بیر لە نزیك کانی و کارێزەکـان و پـڕۆژە و سەرچـاوەکانی ئـاو نادرێت ، پێویستە شوێنی بیرەکە بە لایەنی کەمەوە (٥٠٠) مەتر لەو سەرچاوانەی ئاودوور بخرێتەوە ،وە لەکاتی هەبوونی کانی ووشك بوو دەبێت شوێنی بیر هەمان دووری (٥٠٠) م بێت .

**ماددەی -٤-**

مۆڵەتی هەڵکەندنی بیری کـشتوکاڵی کاتێـك دەدرێـت کـە هـیچ بوارێـك بـۆ سـوود وەرگـرتن لـە بەکارهێنانی ئاوی سەرزەوی نەبێت ، ئەمەش لە ڕێگای وەرگرتنی پشتگیرییەك لـە بەڕێوبەرایـەتی ئاودێری .

**ماددەی -٥-**

ڕێنمای هەڵکەندنی بیری گشتی ( ئاوی خواردنەوە ، کشتوکاڵ ،پیشەسازی .......هیتر ):

١- داواکاری لایەنی سوودمەند لەڕێگای پارێزگا و ئیدارەی سەربەخۆ ڕەوانەی ئاوی ژێر زەوی دەکرێت

٢- کەشف کردنی شوێنی بیرەکە لە لایەن لیژنەیەك لە بەڕێوەبەرایـەتی ئـاوی ژێـر زەوی و لایـەنی سوودمەند یان یەکەی ئیداری بۆدیـاری کردنـی ژمـارەی کەسـانی سـوودمەند و ئامـادەکردنی ڕاپۆرتێکی جیۆلۆجی .

٣- ناردنی ڕاپۆرتی ئەو لیژنەیە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی.

٤- دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی و مۆڵەت لە بەڕێوبەرایەتی گشتی، ڕێگە بەلایەنی داواکار دەدرێت بۆ هەڵکەندنی بیرەکەی .

**ماددەی -٦-**

ڕێنمایی هەڵکەندنی بیر بۆ کەرتی تایبەت :

١- داواکاری سوودمەند لەڕێگای پارێزگا و ئیدارەی سەربەخۆ ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی دەکرێت

٢- کەشف کردنی شوێنی بیرەکە لە لایەن لیژنەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی جیۆلۆجی .

٣- ناردنی ڕاپۆرتی ئەو لیژنەیە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی .

٤- دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی و مۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی، ڕێ دەدرێت بە لایەنی داواکار بۆ هەڵکەندنی بیرەکەی.

٥- مۆڵەتی بیر هەڵکەندن نادرێت بە وێستگەی سووتەمەنی و غەسل و کارگەی بچوك و مزگەوت و بینای بازرگانی و کۆگای کەرتی تایبەت و کارگەکانی چەو و لم و پرۆژەکانی ئاوی کانزایی و هیتر

٦- بە هیچ جۆرێك ڕێگە بە فرۆشتنی ئاوی ژێر زەوی و دانانی ( شەمعە ) لەسەر بیری کەرتی تایبەت نادرێت بەڵێننامەش لەلای دادنووس لە خاوەن بیر وەردەگیرێت ، بە پێچەوانەوە مۆڵەتی بیرەکەی لێ وەردەگیرێتەوە و بیرەکەی پڕ دەکرێتەوە .

٧- بۆ پرۆژەکانی کەرتی تایبەت پێویستە پرۆژەکە مۆڵەت پێدراوبێت لەکاتی داواکردنی مۆڵـەتی هەڵکەندنی بیر .

**ماددەی -٧-**

ڕێنمایی هەڵکەندنی بیری کشتوکاڵی :

١- جووتیار داواکارییەك پێشکەش بـە لقـی کـشتوکاڵی دەکـات بـۆ هەڵکەنـدنی بیرێـك لـە نـاو زەوییەکەیدا لەلایەن ڕووپێو(مساح) ی لقی کشتوکاڵییەوە کەشفێکی بۆ دەکرێت بە مەبەستی دیاری کردنی شوێنی بیرەکانی دەوروبەری لەسەر نەخشەیەك ، بە نووسراوێك بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ دەنێردرێت .

٢- ڕووبەری زەوییەکەی لە (١٠) دۆنم کەمتر نەبێت لە ناوچەی شاخاوی لە پارێزگای هەولێر، دهۆك و ئیدارەی گەرمیان وە (٥) دۆنم لە پارێزگای سلێمانی هەروەها (٢٠)دۆنم لەناوچەی دەشتایی هەر سێ پارێزگاکە و ئیدارەی گەرمیان .

٣- بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی نووسراو بۆ چەند فەرمانگەیەکی پەیوەند دار دەکات بە مەبەستی وەرگرتنی لاری نەبوونیان،پێویستە لەلایەن ئەو فەرمانگانەوەبە نووسراو وەڵام بدرێتەوە ،کەئەم فەرمانگانە دەگرێتەوە.

أ- بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری .

